# من و دەریا

شیعر

# منْ و دەریا

عەباس جەمیل جێماو

٢٠١٢

ناوی کتێب: من و دەریا

بابەت: شیعر

ناوی شاعیر: عەباس جەمیل جێماو

تایپ: دلێر رەفیق

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکوک ژمارە (١٩٢)

چاپخانە: کارۆ

چاپـــی یەکـــــەم: ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠) دانە

# بەرد

ئەی ژنە ئاوییەکە

بەردەکان..

دەیانەوێت شتێک بڵێن،

سێ شەوە..

پەنجەکانیشت

بەرگی قرشیان پۆشیوە

لە کاتێکدا خۆیان نۆبەرەی وردە یاقووتن،





منیش لە هۆگریتا

وەکو "نیل"

بۆ ئێوارە خوانێکی سینەت و

پێکێک لە سۆز

پێچەوانەی گشت ئادەمییەکی کۆڵانەکەتان

شەپۆلی فەزای هەستەکانم..

تابێ گورتر دەبن،

پێنووسە سێ بڕگەکەشت
وەکو غەزەلێکی پڕاو
مەنگ و بێ ژانن
لە کاتێکدا
شەپۆلی پەیڤی وەنەوشەیی و
شەیدای عیشق و عیرفانن..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

منیش لە سەرسامیا
وەکو منداڵە قەرەجێکی بەڵەنگاز
بەبێ زەینی..
بۆ نیگایەک
لە کۆڕی ژووانی رازەکانتا
چڵە شیعرێک
پەیکەری دڵم
لە شێوەی بایەکی لماوی..
لەبەر پێتا دەڕوێنم..!

ئای ئەزیزم.

مەرجانێ هەرەسی هێنا و

دەیەوێت

برۆکانی خۆی بڕوتێنێتەوە

چەشنی گوڵە گەنمێک..

لەسەر زوڵفی قەترانی تۆدا..

لەنگەر بگرێ..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

سێبەری ملوانکە..

خوێنینەکەشت

لە نێو باخی شەمامەکان

هەر زیکر و

سەما دەکات..!

تۆ بۆ من
بەرامەی گوڵە..
تابلۆکانی "ڤانکوخ"ی و
تا ئەبەد پیرنابی..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

شەرمن..
مەخموورن..
ئەستێرەن..
چاوەکانت
مانا بە شەوەزەنگ دەبەخشن..!

هەر دوێ شەو..

وەکو بەدمەستێکی بێ شەراب

دەستی چەپم خستە سەر شانی "مانگ" و

دەمڕوانییە سەمای..

پەڕەسێلکە یەکی دەنووک شکاو

غەمزەی عەیارت..

بەڕێتمەوە..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

تا هەنگاوەکانم..

نیمچە لەرزۆک بوون،

شێتانە

هێندەی نەما..

پەلکی بەردێکی گەنم رەنگ بژاکێنم

گەڵای دار بەڕوو یەک..

بکەم بە پشتەسەری دار گوێزەکانی..

مەحەبەتەوە،

بۆیە لە شەرما..

بووم بە مۆسیقا

بوومە شەونمە شیعر..!

تۆیش لەنێو لەپی حیکایەتی ئاقیقی..

خەیاڵە هەتیوەکانی شەرمەندەیی مندا

بوویتە سوورە سێو

بەتاسەوە

لەتێکت نووسا پێمەوە..!

# من و دەریا



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

ئەزیزم چەم قاوەیی گیان

کاتێ...

شەونمە سۆزی ژنێتیت

لەنێو غوربەتی تاریکیدا

شەهوەتی ماچ دەگرێ،



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

بێ دوودڵی

پشت لە یاقووتە سوورەکانی..

خۆرئاوابوونکە و

تەلیسمی ئەفسوونی سەمای چاوچاوێنی شێتانەم

لەفنجانی قاوەگرێکی عەیاردا بۆ بنێ..!

بیە شەرابی شەوانی تەنیاییم

منیش مەست..!

تۆ...

کلیلی گەنجینەی ئەفسانەی

خوداوەندەکانی "بابل"ی و

نەخشەی ونبووی..

نێرگزە کەڵام و

نۆتەی گڕگرتووی گاتاکانی

نۆبەرەی خەونەکانی عیشقی..

نێوان زەردەپەڕ و خۆرئابوونی بەهاریمی

وەکو دەریا..!





چیایەکی لەگوڵە بەیبوون

ئاسمانێک..

لە نەغمەی هۆرە و سیاچەمانە،

بستێ شوێن پێی شەم نەما نەگەڕێم

کۆتەرەدارێکی باخچەی پاشا نابینم

شا تەمبووری یارسانییەکانیش سوور هەڵگەڕاوە

دەرگای مەزارگە.. مزگەفت.. جەمخەنەکانی عیشق

هەمووم ماچ کرد،

هەر دەگەڕێم

هێندەش گەڕام..

خەریکە بۆنی سێوم لێدێ..!

پیاسەیەکیش بە نێو..

دڵی نەغمەی ئەی دێوانە و

سنگی تابلۆ سورپالییەکانی

"کۆسار"ەکەم دەکەم

هەر نەمبینی نیگایەک

لەپێڵووی چاوە گەشەکانی تۆ شەرمن تر..

گوڵم..!





منیش چاوە کزەکانم

هێندە بەگڕی دووریت..

دەسووتێن

بە پارتەقای ئاگردانی ماڵە بێ خەڵووزەکەی..

"مۆزارت"یش ..

ناگەشێنەوە!؟

بمدوێنە ئەژنیزم..

وا خەریکە..

فەریکە حەوایەک.

تووڵەڕێی خەونەکانم دڕکەباران دەکا

دەیەوێت..

بەدەست و پەنجەی کورتییەوە

سێوێکی تر شەق بکات

خەجاڵەتی بۆ ئێمە و زەوی بێنێت..!





بمدوێنە

وەرە

باپێکەوە هەناسەیەک بە گەرووی

"عود"ەکەمدا بپەخشێین

ئاوازێکی نوێ..

بەباڵای " باڵامبۆ"دا..

بدووریین

بۆ ئەبەد..!

ئەزیزم تۆ پەری نیت..

لە بەردی فەیرووزی شنرویّ دەچیت..

بمدوێنە..

تا لە ئامێزی سەنگینیتا..

هەر زیکر بکەم..!

بمدوێنە هەرچی بەردی شینە..

ماچ بکەم،





بەرد..

بەرد بۆ من ئاوەدانییە

دڕندەکان وەدەر ئەنێت..!

مانای بوونم پێ دەبەخشێت

هەوریش حەددی چییە وەک ئەو..

جوانبێت..!

هەموو بەرەبەیانێکی ئەوین
نارنجە کورتە باڵاکەی حەوشەمان
دڵی خۆی بۆ نەزر دەکات..
وەکو چاوم..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێباو

وا عالەم..
بۆ ماچی بەردێکی پیرۆز
قافڵەیان بەستووە
کەچی نەمبینی رۆژێ
بەردێکیش..
ماچێ بکا..!

# دێنی



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

گوڵە عەیارەکەی جەستەی
ئاوازی ئاوێنەیی..
پاییزییم
ژییەی ژیانەوەی ژێی عودە ژیر نەبووەکەم..
تۆ لەکوێی،



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

بەدرێژایی هەموو یەلدایەک
بێ ئەژماری ترپەی پەپکەری..
دڵی لماویم..!
فرمێسکی ئەستێرە خۆڵەمێشییەکان
ئەو شیعرانەی کە بە منالی..
لێویان گەزیوی
شەمی هەناسە پەمەییەکانی ئەوین
لە نێو پێکە ئاوازی..
شەرابی شەوانی پیانۆی جێماویما
دەپشکوێنم

ئاوازی ژیانەوەی..

عیشقێکی سەراپا پەمەیی

بۆ مەیلی شەهوەتە بارانی..

ماچێکت

لەسەر گەڵا پایزییەکانی پێکەوەبوون..

دەنەخشێنم..!

شیعرە بەفرینییەکانیشم

بەشنەی هەناسەکانت..

مەست..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

ئەزیزم..

تۆ دەنکە هەنار نیت

ئەفسانەی ئاونگی مۆسیقای هەناریت

دڵی شەوانی قاڨڵەیەک..

لە سۆز..!

هەستەکانیشم

لەگەڵ ڕەنگی خۆرئاوابوونی تەنهاییما

بۆ نەرمە پیاسەیەک

گەمەیەکی شێتانە و

لستنەوەی ئارەقە غەزەلییەکانی

نێوان مەمکی لەخۆباییت

شێتانە لەشەقەی باڵی خەیاڵ ئەدەن..!





هەر لەوێیش

لێشاوی ئەستێرە بەردینەکان

گەڵا زەرد هەڵگەڕاوەکانی پاییز

چەشنی بەرماڵی..

موریدێکی بێ خانەقا

لەسەر تریکترین هەسارە..

لە" خوا " وە

لەبەر پێی تۆی شۆڕەژن

رادەخەن..!

تا گەمە نەویستراوەکانی غوربەت

دەروازەی خەمە شوومەکانی..

دابڕان..

لەگۆڕ بنێین..

بۆ هەتایە..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

وەرە ئەزیزم

تاکەی دووری

دەستی تەنهاییم بگرە

چەشنی بەردە خوێناوییەکەی گەردنت

تا لەسەر سینەتا..

لەنگەر بگرن،

وەرە و بۆ جارێک..

بمدوێنە

فریادرەسی رۆحی شێتم،

رەنگی مەچەکی تەمەنم..

هێندەی نەماوە..

لە گەڵای پیرەدارێکی..

لاڵ بچێت..!





وەرە و

با لێوی تویێنیمان

بە فرمێسکی..

هارمۆنیای پیکلۆ و

ساکسیفۆنە هەتیوەکانی..

ئەم دەڤەرە بۆگەنە..

تەڕ بکەین

کە تێیناگەن..!

وەرە..

لەم پایزە بێ ماچەدا..

تۆزێک قامەتت بتەکێنە

هودنەیەک..

لەگەڵ شەمعدانی شیعردا..

ببەستین..!





ئەمە چ گەمەیەکە

چ پەیڤە..

جەنگێکی هۆگرییە..

بەرپاتکردووە ئەزیزم..؟

گەر تۆ

بۆ ساتێکی قاوەیی

چەشنی خۆشەویستی و شیعر

بە دل و عەقڵ..

بڕوانیتە ژیان

مەعشووق..

ناچار دەبێت بە عاشق..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێناو

تۆیش..

ئەی کوکوختییە تاقانەکە

هاوڕێی پەنجەرە شکاوەکەم

یار ببینە و پێی بڵێ

مەگەر نابینیت..

هەنگاوەکانت..

زەرد هەڵگەڕاون،

زڕ دایکی..

گوڵە هەتیوەکانی نیسان

دەیەوێت مشتێ خۆڵی..

ژێر پێی عاگولێکی دڕکاوی

بەقژتەوە..

موتربە بکا..!؟



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

پێی بڵێ..

مەگەر نازانێت..

بۆنی هەناسە و

جەستەی چەلۆپییت

چەند رۆژێکە..

لە سەما و قۆشمە کەوتوون..!؟

پێی رابگەیەنە و بڵێ
چڕنۆکی شەوەزەنگ..
خەوی لەچاوم تاڵان کردووە
رۆژیشم پڕە لەفرمێسکی پێدەنگی
هەنسکەکانیشم خەریکە..
دێنە گۆ..!؟





چەند کاتژمێرێکیشە
سێبەری ئاوازی شەکەتیم
لە نێو بەرەبەیانی..
دوودڵیدا
لەگەڵ قرشێکی بێ ددان
هەر مەلە دەکات..
بە تاسەوە..!

پێی بڵێ..

کزەی جەرگم

بۆ لەکەناری خەونی عیشقەکەت..

سەرمەستانە..

ئاوەڕووی دوورەپەرێزی بوویتە..!

پێی بڵێ..

هەناسەکەم

کەی دێنی وا دەبێ..!؟

# گریانی نا ئومێدیم

کە منْ بەهاری دڵم بۆ راخستی..
تۆیش تیا نەلەنگێی
بۆنی پرچی قەترانی تۆ..
بە منْ چی..!





هەنارێکم بۆ وڵیوی و
لێوی ئاڵی پێ مەستت نەکەیت
باغی فیردەوسی سیمات..
بە منْ چی..!

که چاوەکانت
چون قاوەی نێو فنجانی..
قاوەگرێکی قەرەج
لەخەلوەتی شەوەزەنگیما
بۆ ساتێک..
نەدرەوشێنەوە
خەونی هەناریت..
بە من چی..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

توولەڕێیەکی پەریزادەییت..
شک نەبەم..
بۆ رۆحی شێتم،
تەلیسمی فەیرووزیت..
بە من چی..!

تۆ هێند گریانت..

بۆ فڕینی مەستبوون..

لە تاریکیدا..

پێ مەبەست بێ

گریانی من..

لە پای چی..!؟



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

# ئاوازێکی زەیتوونی

دڵی من..

بۆ خۆی

وەهمی نەگبەتترین..

وەرزی بێ ڕەگەزە و

لە هۆزی پێداران..

بە جێماوە..!





خاکێکە

لە فیستیڤاڵی گوڵە هەنارا

بۆ هەناری لە خۆباییت

قنج قنج

لە سەر پەڕەی درەختە مانگرتووەکانی..

تڕیک لە چاوە قاوەییەکانی..

دەریا

ئاوازێکی زەیتوونی..

دەهۆنێتەوە..!

دەیەوێت

هەرچی..

مرواری کەناری سۆزی ژنێتیت هەیە

لە گەردنی سێبەری شووشەیی گەمارۆ دراوت

جێ پەنجەی عەیارم

دەنک دەنک..

بنەخشێنێ..!





لەگەڵ هەموو لەرەیەکیشیدا

ترپەکانی بەهێمنی..

نەزر بکات و

رۆحی شێتم لەنێو ئاونگی..

لێوەکانت..

بگەوزێنێ..!

هەر ئێستاش
ئەلبوومی مامسە عەیارەکانی..
کانی ئاشقان
بە ئاهی نەغمەی دووریتەوە
بە بێ دەنگی و
بە حوزنەوە سووتان..!





منیش چاوەکانم
هێندەی تاڵەکانی قژی پاییزییت
پڕ بوون لە فرمێسکی دەبەنگی و
کەشێکیش نابینم..
هاوڕێی لاشەی گڕگرتووم بێت
تابەبالای..
گۆرانی و هۆرەدا..
شیعر بڵێم
وەکو جاران..!

ئای ئەزیزم

کە چاو لێک دەنێم

وەرزم دەبێتە پێنج و

چەند سەرشێت دەبن،

هۆگریشم بۆ بزەت..

هەناو لە بن دێنێ..!





تۆیش..

هێند غەددار مەبە هەناسەکەم

بێڵە تاوێک..

لەم ئێوارە پڕ مەراقەدا

لە باوەشی سینەی گەرمت

ماچێک

تامێکی لیمۆی بەهاریت

هەناسەیەکی لێوت..

ڕۆحم دەڕێنێ..!

# شەمی ئەفسانەی ئەوین



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

ئەی هەناسە گریۆکەکەی..

شەوانی بێ تۆییم

دوودڵ مەبە لەشێتیم..

پێیکەنە..!





هەموو بەرەبەیانێک

بە قەد سەدای کەنارییەکی تاقانە و

هەرچی قاقای پێچوە هەتیوەکانی

پەلە هەوری..

ئەستێرە گریۆکەکان هەیە

دەنگ هەڵبڕە و

پێیکەنە..!

پێت وایە کەژاوەی وەریوی..

دەروونی پڕ لەئاهم

هاومەستی چڕنوکی

سەر لانەی بێ ئومێدیتە..!؟





کاتێ چاوەکانیشم..

بۆ دیدەنیت سوور هەڵدەگەڕێت

وا مەژانە گوڵم

بۆ ماچێکی لێوەکانت..

گڕەیان دێ

جاریش وایە..

خومار و

مەست..!

گەمژەیی من

چێژێکە

سێبەری ئاوابوونی..

پەڕەی گوڵە عەجوولەکانی..

باخی خەیاڵە چاوچنۆکەکانت دەبەزێنێت

مانایەکی نوێ..

بە تووڕەبوونی منداڵانە

لاپەڕەکانی شێتبوونی..

جارجارەی شیعرە هاجەکانت..

دەبەخشێت..!





دەیەوێت..

بەپیانی نیان و

ڕیتمی میهرەبانی

هەناسەی عیشق و

چۆڕێ سۆزی..

شەوانی تەنهایی تۆی شۆڕەژن..

وەچنگ کەوێت..!

ئیلاهی..

هەمیشە ئارەزووی دیداری تۆم

بۆ یەکجار

لەناخەوە..

سوجدە بەرم..!





چ دەبێ کزەی جەرگم..

بۆ لەحزەیەکیش

لێوی تینووم..

پرچی هەناریت

داپێنێت!؟

قوربان..

لە دووری دیداری ئێوە

هۆشی شێواوم..

لە ئامێزی ئەفسانەی

" ئەخیل.. "

سەرچاوەی گرتووە

" تەڕوادەی " مەملەکەتە بێ نەواکەم..

جارێکیتر دەهەژێنێت..!





وامدەزانی..

هەموو شەوی یەلدایەک

عاشقان پیشەیان..

هەنسک و گریانە

یا من گەمژەم

یان راستە..

ژن شەیتانە..!

بۆیە..

" خەڵک لە فیراقت ئەترسێ

من لەویسالت " *

تکا دەکەم ئەزیزم

تێبگە.. بیزانە..!

* حەزرەتی نالی



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

# ئێستا.. نابمە هاوڕێی باران..!

کاتێ من و باران..

دەکەیتە هاودەم

شەپۆلی پەیڤە ئاگراوییەکانی..

هەناسەکانم

لە نێو جەنگەڵستانی..

گەرمەی بازاڕی ئەویندا

بۆ دەلاقەی پەلە سەفەرێکی دوور

بێ ناونیشان

لەشێوەی خەونێکی پەشموورده بوو..

خۆیان دەنوێنن..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

کاتێ من و باران

پێکەوە ئەلکێنی..

چەشنی رستەیەکی نەکیرە

کەس تێمان ناگات

شەمامەکانیشت..

تابێ لەخۆبایی تر دەبن،

وەکو موعەڕیفێکی غەزەلە فرییودراوەکان

شەرابی نائومێدیم پێ دەنۆشن..!

کاتێ من و باران..

بۆ قامەتی سەفەرێکی لەناکاوی..

ئەوین

لەسەر یەک بەرماڵ..

ئاوێزان دەکەیت

مەرگی پیتەکانی ژنە شیعرییەک

لە گەردنم ناپێتەوە

ئازاد نابم..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

باران.. باران.. باران

بۆچی لەم درەنگە وەختە بارانم..

پێ دەناسێنی

کە من لە دواهەمین "دۆن"م دامە و..

نۆبەرەی وشکە ساڵی بم..!

کاتێ من و باران
لەمسی ترپەی دڵی ئەوین دەکەین
پەنجە تووتەکانم
بەفر دەگرن
خۆڵەمێشی..
هەرچی بەردی فەیرووزی هەیە
بۆ ئارایشتی بێ ڕەنگیم
دەتۆرێن
بۆ جارێکیش ڕوومەتی وشک و شەقارم
ناگرن..!





خەونەکانیشم
لەقەدپاڵی هیچ چڵە..
ئەستێرەیەک
باوێشک نادەن..!

کاتێ من و باران
لە هیچ خاکێکی توانەوەی مەستی
لە هەر بۆنەیەکی سەرمای..
بیاباندا
بۆ لاوانەوەی شیعرێکی تەڕ..
پێکەوە نەبینم،
مشتومڕیت لەگەڵ چۆلەکەکان..
لەپای چی
دڵەی شیرینم..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

کاتێ من و باران
پەیامێکی سەوز..
وەکو میوانێکی ناوەختە روومان..
تێدەکات
بۆ دەست لەملانێی..
نیگاکان

دۆزەخە تاکە کەسییەکانی..

گەردوون

هەڕەشەی زویربوونی زەردە گەڵا

نەخشەی پارچە زەوییە شەقارەکانم..

بۆ دێنێت

حەشاماتێک لە درۆ..

کاڵینەرەنگەکان..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

کاڵتر لە سوجدەی..

فیرعەونەکان،

سێبەری شیعرم لێ ون دەکات

تارماییەکی ئاڵۆزی..

بیابانی خۆکوژیم..

بۆ دەکەنە نۆ هەوار..!

کاتێ من و باران

دەکەیتە پارچەیەک..

لەدڵت..!

مرواریییە تواوەکانی سەر سینەت..

خۆیان لە خاچ دەدەن

منیش..

خەونی شێتیم بەرە و هەڵقرچان

دەپڕژێ..!





مەمکە لە خۆباییەکانیشت

لە ناوەختترین هەنگاوا

ئاونگی غەزەلەکانم

دەپووکێنێ..!

گاهێ تامەزرۆی..

شەونمە ئارەقەی نێوانیانم دەکات

گاهێ رەفیقی..

تریشقەی هەور و

رەشە سەمای

باران..!





کەی دروستە..

جەستەیەکی ئاوی

باران..

بە هاودەمی چاوە سەوزەکانم..

ببینێ..!

وەرە ئەزیزم

هەندێک لە گرێی ستیانە چەق بەستووەکەت

شل بکەوە

خەریکە شەمامەکان باڵت لێ دەڕوێنێ..!

کاتێکیش باڵت..

لێ دەڕوێت

ناکرێ نەفڕیت

مانای ئەوەیش نییە..

نەنشیتەوە و

جارێکی تر

غەزەلەکانیشت نەمگرێنێ..!





وەرە ئەزیزم..

بیینە

وێنەی یادگاری نێو..

مەسجەکانت

تەعریفی شەوانی..

کۆستی پێدەنگی من و دەریا..

دەکات..!

وەرە ئەی شێتە شیعری..

ژنێتی..!

کەژێک لە قەوزە شینەکانی سەر لێوم..

بڕنەوە

بەگۆیەکانی مەمکت..!




من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو


پێکێ شەرابی..

مەحەبەت

لە باوەشی ئاوازەکانم هەڵدە و

بمگەڕێنەوە سەر نەسلی یەکەم

" دۆن " م

بمکەوە بە مۆسیقا..!

ئەی ژنە ئاوییەکە

مۆسیقا..

مۆسیقایش ئارامیت پێ دەبەخشێ

بێ ئەوەی چاوەڕێی..

هیچیت لێ بکا..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

# خەونێک لەباوەشی هیچ

ئەزیزم..
چەشنی نەورەسێکی..
کڕ نەبوو..
لەگەڵ گژنگی بەیانا
هەرەمەکان
مۆنالیزا
شانەکەی پرچی خاتزاد
چاوە سەوزەکانم..
دەهێنمە سەر ڕێت..!




من و دەریا
عەباس جەمیل جێباو


کە چی هەناسەی گەرووی گیراوت..
بە شەرمەوە
پێپچەوانەی مانگی دڵەی مەستم..
هەڵدەکشێت
ئیتر فرمێسکی ناز و مەکرت..
بە من چی..!

وا مەزانە ئەو شەرمەی لە چاوی تۆوە..
ئەرژێن
فرمێسکی دڵتەنگیتن
ئەوە..
ئاونگی بەسۆزی..
گڕی عیشقی..
دڵەی پڕژاوی منە





بە سەر روومەتی ئاڵی..
گزنگەوە..
شەپۆل دەدەن
سەرمەستانە
هەر دەچن و
دێن..!

وەرە با..

هەناسەمان

بزە و

قاقای نەرم

بیبەخشین..

بە شەونمی گوڵێ..

هەتیو..!





تاکو شەرمنیت..

لە باوەشی هەنگە عەجوولەکان

هەموو زەردەپەڕێک..

ماچێ هەنگوینی..

بۆ خەونی دەبەنگیم..

بێنێ

لەگەڵ لێو..!

# زایەلەی بەرزە قەتارێکی تاساو

پێشکەشە بە رۆحی سپی هونەرمەند (سەلاح داودە)



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

لێرە..

لەم پێدەنگییەدا

لەبەردەم ژانێک

رادەوەستم..!

لەژێر دارێک

کە هەر ئێستا سێبەرەکەی..

ئاوابوو..!





مەستێک دەبینم

بە نەرمی رێدەکات..!

گوێم لە ژایەڵەی بەرزە قەتارێکە..

گەروو دەتاسێنێ

ئەو هەر راوەستاوە..!

لێرە گوێم لە نالەیەکە

لە دوا بڕینی مەودا..

پێدەنگییەکانی..

" ڕاوەستاوە لەو بانە "

شەرم دەکا..

گۆرانی بڵێ..!

منیش لە جاران بێ ئۆقرەترم..





کەسێکی تر هاتووە..

ڕۆحی خۆی نەزر

دەکات

ناوێرێ..!

کەسانێکی تری وەک خۆشت..

هێدی هێدی..

لە شوێن پێی ئاسکە زێڕینەکەی..

" خلەی بارام "ەوە

عەودالی شیوەنی

باڵەبانە پێسەر و شوێنەکەی

" ئەحمەد داودە "ن



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

هەموو بە جارێ..

تامەزرۆی ماچی..

هەناسەیەکی..

تەنگتن..!

لە غەریبێ خۆم..

قەت نەمبینیبوو

" عەلی مەردان " بگری

" بەیات "ێکی چاوڕەش..

پێبکەنێ..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێناو

قالە..

شمشاڵ بۆ مەڕەکانی..

گەرمیان بژەنێ

پیرییەکیش

چۆڕێ شیری..

لێبدزێ..!

تۆ هەر راوەستاوی

پێت خۆش نییە..

سەرەخۆشی..

لە " خاتزادەخان "

بکەن..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

لە مەملەکەتێکیش دەگەڕێم

کەوایەکی شۆڕم..

لە بەرکا

ئاوازێکم بداتێ

باڵای بەرزی " ئامۆزاگیان "م

لێنەسەنێ..

هەنسکێکم بداتێ بە دیار خۆمەوە..

بگریم

تا زمانی دایکم بیر نەچێتەوە

سەفەرێکم کەوتۆتە بەر..

ترسم لەگەڕانەوەی خۆم و

بزربوونی..

کیژۆڵەکانە





باوەڕیشم بە کاتژمێر نەماوە

خەریکە

خاوکەر

حەبێ خان

ستت فاتیمە

قەیرەییان لە تەنیشتت منەوە..

سەوز بێ..!

" سەبری ئەیوبم لەکوێ بوو

عومری نوحم چۆن دەبێ

پێنج و دوو رۆژێکە..

رۆح کە رۆیشت نایاتەوە " *

ئەم سەفەرە چۆن بنووسم

وا خەریکە زمانم

لاڵ دەبێ.

* کۆپلەیەك لە مەقامەکانی هونەرمەند سەلاح داودە

# سۆنالی شەشاڵێک

پیشکەشە بە رۆحی سپی هونەرمەند قالە مەڕە



من و دەریا
عەباس جەمیل جێناو

ئەمدی رۆژێک قاڵە

شمشاڵ بۆ مەڕەکانی..

گەرمیان بژەنێ

پیرییەکیش

چۆڕی شیری..

لێبدزێت..!



من و دەریا
عەباس جەمیل جێماو

ئەو بە تاسەوە

هەناسەکانی

گەرم دەکردینەوە

ئاوازی عیشقی..

بۆ نەورەسەکانی مەحەبەت

دەچڕی..!

دەپێویست گیان..

بە نێو باوەشی بەستەی

خانزادەخانی..

داودەکەی گەرمیانم

بخاتەوە..!





هۆ..

ئەی سوار چاکی..

خەونی منالی

پەپوولەکانی کەناری سۆز

تۆ مەڕ نەبووی..!

کەژاوەی بووکێنی

دارستانێک لە مامسە خۆرهەڵاتێکانی

مەملەکەتەکەم بوویت

یادت بەخێر





هەناسەی پێکەسی

ئاوازەکانم

دڵەی رووناکی..

شەوی عاشقان

بنو..!

بنو بە ئارامی

تۆ پاڵەوانی ویژدانی..

هەژار و بەد مەستێکی

سەرشێت بووی

تۆ..

کەناری..

ڤەریکە حۆرییەکانی ماڵئاوایی..

ئاوازە هەتاوییەکان بووی





بنو و چاولێک مەنێ..

بۆ ساتێکیش

تا ئاوازێکی وەنەوشەیی بەباڵای..

حەمرینەکەما..

نەهۆنیتەوە

چاو لێک مەنێ..

یادت بەخێر..!

ئەی تاجەگوڵینەی..

سەر زوڵفی ژنە عاشقەکانی بلوێر و

شوانی مامزە بەفرینەکانی

چیای عیشقی

خەج و زین و شەم..

بەرزتر بفڕە

یادت بەخێر....



من و دەریا
عەباس جەمیل جێباو